# شێخ" زانا" له‌ ئاسمانه‌وه‌ نه‌هاتووه‌

**هیدایه‌ت مه‌لا عه‌لی**

2005/7/20

**ده‌سه‌ڵاتدارانی كوردوستان ده‌یانه‌وێت تۆڕه‌ تیرۆریست و دژه‌ ئینسانیه‌كه‌ی شێخ "زانا" وه‌ك دیارده‌یه‌كی نائاسایی كۆمه‌ڵگای كوردوستانی ژێر ده‌سه‌ڵاتی خۆیان دابنێن , مه‌به‌ستی ئه‌حزابی ناسیۆنالیستی كور د له‌م ڕاگه‌یاندنانه‌ ئه‌وه‌ نیه‌ كه‌ خه‌ڵكی كوردوستان خه‌ڵكێكی مه‌ده‌نین و خوازیاری ژیانێكی ئارام و ئازادن , كه‌ من بۆخۆم پێم وایه‌ خه‌ڵكی كوردوستان ئالوده‌ی مه‌ده‌نیه‌تن نه‌ك تیرۆر و ئینسان كوژی , ئه‌م ئاماده‌یه‌شی زۆر جار له‌ خۆی نیشان داوه‌ . ئه‌حزابی ده‌سه‌ڵاتدار ئه‌یانه‌وێت بڵێن ئه‌م دیارده‌یه‌ نامۆیه‌ چونكه‌ ده‌سه‌ڵاتی ئێمه‌ دیموكراسی بووه‌ و خه‌ڵك له‌ ته‌واوی مافه‌كانیان به‌هره‌مه‌ندبوون و هه‌تا ئێستا به‌و جۆره‌ ئینسان نه‌كوژاوه‌ , ده‌سه‌ڵاتداران ئه‌یانه‌وێت وا نیشان بده‌ن كه‌ خه‌ڵكی كوردوستان تووشی شۆك بوون له‌م ڕه‌فتارانه‌ .**

**ڕاسته‌ خه‌ڵكی كوردوستان نه‌فره‌تێكی زۆری له‌ تیرۆر و ئینسان كوژی هه‌یه‌, به‌ڵام شێخ"زانا" و ئینسان كوژه‌كانی هاوكاری له‌ ئاسمانه‌وه‌ نه‌هاتوونه‌ته‌ خواره‌وه‌ و به‌ پۆست نه‌یان ناردوون بۆ كوردوستان , به‌ڵكو ئه‌م دڕندانه‌ زاده‌ی هه‌لومه‌رجێكن كه‌ خودی ئه‌حزابی ده‌سه‌ڵاتدار به‌ "پارتی و یه‌كێتی" یه‌وه‌ زه‌مینه‌ سیاسی و كۆمه‌ڵایه‌تی و ته‌نانه‌ت دڕندایه‌تیه‌كه‌شیان بۆ ئاماده‌ كردوون و خه‌ڵكی هه‌ژار و ده‌سته‌نگی كوردوستانیان كردۆته‌ نێچیریان . ئه‌گه‌ر تاوانباری وه‌ك شێخ "زانا" و تاقمه‌كه‌ی دڕك بن بۆ ئه‌م كۆمه‌ڵگایه‌ , ئه‌وا ده‌سه‌ڵاتدارانی كوردوستان ئه‌و جووتیارانه‌ن كه‌ زه‌ویه‌كه‌یان بۆ كێڵاون و ئاویان داوه‌ و پاسی به‌رو بوومه‌كه‌یان كردوون . شێخ " زانا" و تاقمه‌كه‌ی له‌ نێوچه‌وانی ئه‌حزابی ناسیۆنالیستی كورد بۆ ئه‌بێت نامۆ بێت , له‌ كاتێكدا خه‌ڵكی كوردوستان به‌ چاوی خۆیان لاشه‌ی سه‌دان دیلی كوژراوی شه‌ڕه‌كانی ناوخۆیان دیووه‌ , من بۆ خۆم له‌ دوای شه‌ڕه‌كانی 31 ی ئابی 1996 كه‌ له‌شاری ده‌ربه‌ندیخان و سه‌رته‌كی به‌مۆ ڕوویان دا چووم‌ه سه‌ر لاشه‌ی زیاتر له‌ 40 دیلی كوژراو كه‌ لاشه‌كانیان شێوێنرابوو له‌ مزگه‌ووتی مه‌لا حه‌سه‌ن له‌ هه‌ڵه‌بجه‌ی تازه‌ , هه‌ر له‌ هه‌مان كاتدا زیاتر له‌ 20 كوژراوی ئه‌و شه‌ڕانه‌ له‌ ڕانیه‌ به‌ خوێنه‌كانیان دروشمی سه‌ركه‌ووتن له‌ دیواره‌كان نووسرا , ئه‌بێت چی له‌مه‌ نا ئینسانی و چی له‌مه‌ خزمه‌تێكی باشتر بێت به‌ شێخ " زانا" و تاقمه‌كه‌ی . من مه‌به‌ستم ئه‌وه‌ نیه‌ بڵێم له‌ به‌ر ئه‌وه‌ی " پارتی و یه‌كێتی " شه‌ڕیان كردووه‌ و دیلیان كوشتووه‌ ئیتر ئاسایه‌ ئه‌م ئینسان كوژانه‌ش به‌ر ببنه‌ گیانی لاو گوڵه‌به‌ڕۆژه‌ فرۆشه‌كان , مه‌به‌ستم ئه‌وه‌یه‌ بڵێم ئه‌م ده‌سته‌تاقمه‌و ئه‌وانی تریش به‌ ڕه‌سه‌ن و ناڕه‌سه‌نیانه‌وه‌ دڕك و قارچكێكی ژه‌هراوی هه‌ڵتۆقیووی واقیعه‌تێكن كه‌ ئه‌م دوو حیزبه‌ ده‌سه‌ڵاتداره‌ له‌ كوردوستان زه‌مینه‌ی بۆ خۆش كردوون , كاتێك ده‌سه‌ڵاتداران له‌ كوردوستان یه‌ك مانگی بۆ كرێكار و فه‌رمانبه‌ر و مۆستا كردبوو به‌ 70 ڕۆژ بۆ مووچه‌ .**

**ئه‌م شێخ و خاوه‌ن خانه‌قاو ده‌سته‌وتاقمه‌ ئیسلامیانه‌ به‌ سه‌دان هه‌زار دۆلار و دیناریان بۆ بڕابویه‌و و ئێستاش به‌رده‌وامه‌ بۆ گۆڕینی یاسایه‌ك به‌ به‌رژه‌وه‌ندی خه‌ڵك و به‌ تایبه‌ت ژنان , منالان ,لاوان خوێندكاران و هتد , میلی تفه‌نگ ڕاده‌كێشرێت و به‌ ته‌قه‌ وه‌ڵام ده‌درێته‌وه‌ , به‌ڵام كردنه‌وه‌ی مزگه‌ووت ,خانه‌قا ,كڕینی ئیراده‌ی خه‌ڵك له‌ ڕێگه‌ی مووچه‌ی مناڵه‌كانیان , بڵاوكردنه‌وه‌ی ژه‌هراو فتوای سه‌دان ئینسان زۆر ئاسایه‌و هیچ مۆڵه‌تێكی ناوێ . ئیسلامی سیاسی ئه‌یه‌وێت ئه‌م خه‌جاڵه‌تیه‌ به‌وه‌ قه‌ره‌بوو بكاته‌وه‌ كه‌ گوایه‌ شێخ "زانا" و تاقمه‌كه‌ی ئیسلام نین و له‌ سوونه‌ت و قورئان لایان داوه‌ چونكه‌ ئیسلام كاری وا ناكات , ئیسلامی سیاسی كێشه‌ی ئه‌وه‌ی نیه‌ كه‌ ئینسان كوژراوه‌ و تاوان ڕوویداوه‌ , كێشه‌ی ئه‌وه‌یان هه‌یه‌ به‌رگری له‌ یاریه‌كه‌ی خۆیان بكه‌ن و ته‌ڵه‌یه‌ك بۆ خه‌ڵكی كوردوستانیان داناوه‌ به‌رده‌وام بێت , شێخ " زانا "باشترین و ڕاستگۆترین ئیسلامی و ,وه‌فاداره‌ به‌ ئیسلام و جۆرێك له‌ حاكمیه‌ت كه‌ ئیسلامی سیاسی ئه‌یه‌وێت داییمه‌زرێنێت له‌ عێراق و كوردوستان , هاتووهاواری ئیسلامی ڕه‌سه‌ن له‌ كاره‌كانی شێخ "زانا" ئه‌وه‌یه‌ په‌له‌ی كردووه‌و ئه‌وان له‌ كاتێكی تردا ئه‌م تاوانانه‌ ئه‌نجام ده‌ده‌ن , ڕه‌خنه‌ له‌ كات و شوێنه‌ , ڕه‌خنه‌ له‌ پاراستنی ناوی شێخ و خانه‌قایه‌ نه‌ك له‌ كوشتنی ئینسان . له‌ گه‌ڵ به‌رده‌وام بوونی ئه‌م هه‌لومه‌رجه‌ ئه‌م دیارده‌ دژی ئینسانی و دزێوه‌ش به‌رده‌وام ده‌بێت ئه‌وه‌تا هه‌ر له‌شاری هه‌ولێرو له‌تازه‌ترین هه‌واڵدا هاووڵاتیه‌كی هۆڵندی به‌ ڕه‌گه‌ز عێراقی فڕێنراوه‌ و دواتر ته‌رمه‌كه‌ی به‌ كوژراوی فڕێدراوه‌ . ئه‌و هێزه‌ی ده‌توانێ كۆتای به‌م كوشتارگایه‌ بهێنێت خه‌ڵكی كوردوستان خۆیانن , ئیسلامی سیاسی و ئه‌حزابی ده‌سه‌ڵاتدار هه‌ر لایه‌كیان به‌ جۆرێك شه‌ریكی ئه‌م تاوانانه‌ن .**

**كۆبونه‌وه‌ی خه‌ڵكی كوردوستان له‌ ده‌وری هه‌ڵپێچانی ده‌سته‌وتاقمی ئیسلامی به‌ڕه‌سه‌ن و نا ڕه‌سه‌نیانه‌وه‌ له‌گه‌ڵ خواستی جیابوونه‌وه‌ی كوردوستان و پێكهێنانی ده‌وڵه‌تی سه‌ربه‌خۆی غه‌یره‌ قه‌ومی و غه‌یره‌ دینی ئه‌توانێت خه‌ڵكی كوردوستان له‌م زه‌لكاوه‌ی ئێستا ده‌ربهێنێت .**